KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-6-2007 1:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەمامک، گوانتانامۆ، تیرۆر ... توانا عوسمان

ماوەیەکە هێزێکی دەموچاو هەڵبەستراو، کەتێکەڵەیەکن لەئەمەریکی و کورد، بەناوی "دژە تیرۆرە"وە، شەوانە دەچنە سەر ئەو ماڵ و جێگایانەی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا، گومانی توندەڕەوی ئیسلامییان لێدەکرێت.



ئەم هێزە، سەرباری هەر خزمەتێك "گەر تائێستا بەئاسایشی خەڵکیان کردبێت"، بوون و بەردەوام بوونیان بەمشێوەیەی ئێستا، مەترسییەکی جدییە لەسەر "سەقامگیریی و پرۆسەی سیاسی و یاسایی هەرێمەکە".

ئەم هێزە کەزانیارییە سەرەتاییەکان لەبارەیەوە دەڵێن، سەر بەهیچ دەزگایەکی کوردستانی نییەو پرسو ڕا بەهیچیان ناکات، تەنانەت هەندێك جار دەسەڵاتی قەزاییو یاسادانانو جێبەجێکردن، لەڕێگای ڕۆژنامەکانەوە گوێیان لەچالاکییەکانیان دەبێت. هیچ ڕووخسارێکی یاسایی و ئاشکرای نییەو نەك نازانرێت دەسەڵاتو سەڵاحییەتەکانی لەکوێوە دەستپێدەکەن و لەکوێدا کۆتاییان دێت، بەڵکو بۆ هەڵکوتانە سەرماڵ و دەستگیرکردنی خەڵکی، پێویستیان بەفەرمانی دادوەر نییەو ناشزانرێت زیندانییەکانیان لەکوێنو چۆنن. کارێك کەپێچەوانەی هەموو پێودانگ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەو پتر دەشوبهێت بەگوانتانامۆیەك بەبێ ئەوەی بزانین لەچ دوورگەیەکدایە.

ئەوەی دەربارەی ئەم هێزە زانراوە، ئەوەیە کەکوڕە نۆبەرەکەی تاڵەبانی سەرپەرشتی باڵە کوردییەکەیو ئەفسەرێکی ئەمەریکیش "کەلە ناوەکەی دڵنیا نیم" سەرپەرشتی باڵە ئەمەریکییەکەی دەکات.

"دژایەتیکردنی تیرۆر"، کەناونیشانێکی قەبەو گومانلێکراوەو جێگەی دەیان بوغز و قینی سیاسی تیا ئەبێتەوە، لەوڵاتێکی دیموکراتیو دامودەزگایی وەك ئەمەریکادا مایەی گومان و جەدەلێکی توندە، چ جای کوردستانێك کەحەوت فرسەخ لەسیستەمی دامودەزگاییو دەسەڵاتە چاودێریو مەدەنییەکانەوە دوورە.

لەڕاستیدا لەهیچ شوێنێکی دونیادا نییە، ڕێکخراوێکی "نهێنی" چەکدار بێ پرسی سەرۆکایەتی وڵات و دەسەڵاتی قەزاییو پەرلەمان، مومارەسەی چالاکیی "ئاشکرا" بکات و باز بەسەر هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی وڵاتەکەیدا بدات، ئیتر ئامانج و مەشروعیەتی کارەکەی هەرچییەك بێت.

بەئامانجکردنی توێژێکی دیاریکراویش "کە ئیسلامییەکانە" لەلایەن هێزێکی بێگانەوە، بەهاوکاری گروپێکی ناوخۆ، بەهەموو مانا سیاسییەکان جۆرێکە لەبەکرێگیراویی و نەك تەنها شەبەحی تیرۆر لەسەر وڵاتەکەمان لانابات، بەڵکو پرۆسە هاوشێوەکانیشی لەدەیەی ڕابردوودا لەمەراکیشەوە تا کابوڵ و چیچان، دەرەنجامی پێچەوانەیان هەبووەو پەرچەکرداری توندیان بەرهەمهێناوە.

من دڵنیام ئەم ڕێکخراوە، ئەگەری تەقینەوەو کوژرانی زۆرێکمانی هەڵوەشاندۆتەوە، یان ڕاستتر دوورخستۆتەوە، بەڵام بەدیویێکی تردا بەردەوامبوونی ئەم ڕێکخراوە لەم هەیکەلە نهێنی و نەخەملێنراوو نایاساییەی ئێستایدا، ژیانی مەدەنییو یاساییو دامودەزگای ئەم وڵاتە ئەوەندەی تر دەکاتە مەسخەرە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەڕاستیدا متمانە بەیككردن سەرەكیترین پێویستی نێوان لایەنەكانی پرۆسەی سیاسییە لەكوردستاندا، ئیسلامییەكانیش لەپێشی پێشەوەی ئەو لایەنانەن كەدەبێت دڵنیابكرێنەوە، متمانەو سەلامەتییو بواری بەشدارییان بۆ دابین بكرێت، پرۆسەیەك كەبریتییە لەڕەواندنەوەی نیگەرانییەكانیانو دەعوەتكردنیان بۆ سەر خوانی دەسەڵات وەك ئەوەی لەئەزموونی مالیزیاو وتوكیادا سەركەوتنی بەدەستهێنا، نەوەك تورەكە لەسەركردنو فڕاندن و ئازاردان و شكاندنی كەلوپەلی ماڵەكانیان.

ئەوەی ئەم هێزە "دژە تیرۆر" دەیكات، "جگە لەو حاڵەتانە نەبێت كەدژی گروپ و دەستە تاوانكارییەكان كردویانە هەر ناشبێت ئەوانو بەمجۆرە بیكەن". فراوانكردنەوەی ئەو درزانەیە كە كۆمەڵگەی ئێمەیان پارچە پارچە كردووەو بەردەوامیش دەیخاتەوە بەردەم توندوتیژیی ڕاستەقینە.

دەكرێت ئەم نووسینە بانگەوازێك بێت بۆ هەڵوێستەكردنی پەرلەمان لەسەر ئەم ڕێكخراوەو دەسەڵاتەكانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.